# جوانترین مردن

ئازاد ئەرگوشی



خەریکی نووسین بووم کە تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا ئەمە یەکەم شەوو بوو بەدرێژایی تەمەنم کە لەکاتی نووسیندا تەلەفۆن لێیدا چونکە هەمیشە لەکاتی نووسین تەلەفۆنەکەم لەکار دەخست سەرەتا ویستم هەڵی نەگرم بەڵام بینیم واز ناهێنێ، ناچار تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، ئافرەتێك لەودیوی تەلەفۆنەکە گوتی چاوەڕێی من نەبووی ها؟ دەنگەکە بۆم ئاشنا بوو بەڵام هەرچی هەوڵم دا نەمتوانی دەنگەکە بناسمەوە، کە بێدەنگی منی بینی پرسی ئاوازوو فەرامۆشت کردم؟ نەمزانی چی بڵێم دەیسان گوتی یارمەتیت دەدەم بەڵکو بیێمەوە بیرت، لەبیرتە بەرەبەیانێك لەسەر شاخ بەجێت هێشتم بەبێ ئەوەی یەك جاریش یادم بکەیتەوە، دیسان هەوڵم دا خاوەن دەنگەکە بناسمەوە بەڵام بێ ئەنجام بوو، بۆیە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: نارەحەت مەبە ناونیشانەکەی خۆمت دەدەمێ سبەینێ بەیانی سەعات ٩ چاوەڕێت دەکەم ئەمەش ناونیشانەکەمە: دارستانی باشوری شارەکە پێدەزانی؟ گوتم: بەڵێ باش پێ دەزانم، گوتی: شەقامێکی قیرتاونەکراو دێت تا نزیك دارستانەکە لەوێ ئۆتۆمبێلەکەت ڕادەگری پێنج دەقەیەك بەپێیان دێی تا دەگەیتە دارستانەکە لەوێ دەمدۆزیەوە پاشان بەهێمنی گوتی شەوێکی شاد تەلەفۆنەکەی دانا.

زۆر هەوڵم دا بزانم خاوەنی دەنگەکە کێیە، گوتی لەسەر شاخ بەجێم هێشتووە کەی نازانم.

گەڕامەوە شوێنی خۆم بەمەبەستی درێژە پێدان بە نووسین هەرچی هەوڵم دا هیچم بۆ نەهات، بینووسم دەتگوت نەخوێندەوارم خاوەنی دەنگەکە وا مێشکمی داگیر کردبوو کە شوێنی هیچ شتێکی دیکەی تێدا نەمابوو، بەلای خۆمەوە گوتم با تەماشای چیرۆکەکانم بکەم کێ دەزانێ دوور نییە یەکێ لە قارەمانەکانی چیرۆکەکەم بێت کە کارێکی زۆری کردبێتەوە سەر خوێنەرێك کەوای لێ کردبێ تەلەفۆنم بۆ بکات یاخود پێم ڕابوێرێ، خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی پەڕاوەکە بووم کە قارەمانی یەکێك لە چیرۆکەکانم دۆزیەوە.

ئافرەتێکی ڕەش پۆش کە تاك و تەنیا لەسەر شاخ بەجێم هێشتبوو وەکو هەموو ئەو کەسانەی لە چیرۆکەکەم دابوون ئەویشم بەرەڵڵا کردبوو ئیتر چیرۆك چیرۆکە خۆ بڕیار نییە مرۆڤ هەر قارەمانێك لە چیرۆکەکاندا دروست بکات ئیدی شەو و ڕۆژ بە دوایانەوە بێت نەوەکا شتێکیان بەسەر بێت، لەڕاستیدا هیچ شتێك نییە خەیاڵ بێ و بەس، پێکەنینم بە قسەکانی ئافرەتەکە دەهات لەدڵی خۆمدا گوتم شێت بوی؟ دڵنیام یەکێك لە خوێنەرانی چیرۆکەکانت بووە تەلەفۆنی کردووە و ویستیویەتی پێت ڕابوێرێ، تەلەفۆنەکەم داخست وەکو هەموو شەوانی ڕابردوو دووبارە دەستم بەنووسین کردەوە، نازانم تا چ ماوەیەك خەریکی نووسین بووم، هەستم کرد چیتر ناتوانم بنووسم خەوم دەهات بۆیە چوومە سەر پێخەوەکەم ئەوەندەی پێنەچوو خەوم لێ کەوت کاتژمێر هەشتی بەیانی لەخەو هەڵستام، دوای خواردنی نانی بەیانی سەرێك چوومە پەرتوکخانەکەم چاوم بە یاداشتێك کەوت کە ناونیشانی ئەو ئافرەتەی تیابوو کە تەلەفۆنی کردبوو، تەماشای ناونیشانەکەم کرد بەلای خۆمەوە گوتم وا باشترە بەدوای ئەم ناونیشانەوە بڕۆم کێ دەزانێ تۆ بڵێی ڕاست نەبێ، نازانم بۆچی حەزم دەکرد بەدوایدابچم هەستم دەکرد کەسێك لەوێ چاوەڕێم دەکات هەربەم مەبەستە سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم یەك ڕاست بەرەو دارستانی باشووری شار بەرێکەوتم.

کاتێ شەقامە قیرتاونەکراوەکەم تەواوکرد ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت و دابەزیم تەماشای دەوروبەرم کرد.

زۆر لە دارستانەکە دوور نەبوو، هەستم کرد کەسێك لەناو دارستان بانگم دەکات، هەرچەندە پێکەنینم دەهات بەڕاستی ئەم دارستانە شوێنی ژیان نییە تۆ بڵێی کەسێ لەوێ بێت ئەویش قارەمانی چیرۆکەکەم بێ؟ کە چەند ساڵ لەمەوبەر لەسەر شاخەکە بەجێم

www.kurdistannet.org

هێشتبوو، بەڵام ئەی ئەگەر لەوێش بێت، بڕواناکەم چونکە ئەوەی من لە چیرۆکەکەمدا دروستم کردووە زۆر ناسك و نارنجیبە بەرگەی ئەم شوێنە سەختە ناگرێت، ئەو شوێنەش جگە لە کۆمەڵێك گیانەوەری دڕندە هیچی لیٚ ناژی، تا دەگاتە ئەو خەم و خۆڵەی کە من لە چیرۆکەکەمدا خولقاندووە.

ماوەیەك مێشکم خەریکی لێکدانەوەی بۆچوونەکانی خۆم بوو سەبارەت بە ڕووداوی دوێنی شەو، کە گەیشتمە ناو گۆڕستانەکە گۆڕستانێکی بیٚ سەروبەربوو تەنیا دووسیٚ گۆڕی تیابوو تیٚنەچووبیٚ، کاتیٚ لە گۆڕستانەکە تێپەڕیم چاوم بە کوختێك کەوت دەنگی ژەنینی پیانۆیەك سەرنجی ڕاکێشام هەرچەند لە کوختەکە نیزیك دەبوومەوە دەنگەکە زیاتر دەبوو زۆر سەیر بوو دارستان و پیانۆیان نەگوتووە سەرەتا بیرم کردەوە ڕەنگە کەسێك بۆ ڕابواردن هاتۆتە ئێرە بۆ خۆی گویٚ لە مۆسیقا دەگریٚ، ئەویش لەناو ئەم دارستانە.. نا، نا.. ناتوانریٚ وابیٚ، بەڵام کاتیٚ لە دەرگای کوختەکە نزیك بوومەوە زانیم کە دەنگی پیانۆکە لەناو کۆخەکەوە دێت، بەهێمنی لە دەرگام دا دەنگێك وەك دەنگی ئەو ئافرەتەی کە شەو تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی: فەرموو وەرە ژوورەوە، زۆر لەسەرخۆ دەرگاکەم کردەوە، دیمەنێکی سەیر بوو، بڕوام نەدەکرد کاتێك زیاتر لە دیمەنەکە وورد بوومەوە بەهەڵەدا نەچووبووم هەمان ئافرەت بوو کە لە چیرۆکەکەمدا لەسەر شاخێك جێم هێشتبوو و وەکو زۆربەی نووسینەکان فەرامۆشم کردبوو، لەناوەندی کوختەکە وەستام، زۆر جوان بوو لەسەر هەتا پێی ڕەش پۆش بوو، بە پەنجە ناسکەکانی خەریکی ژەنینی پیانۆکە بوو ئاهەنگەکەی تا بڵێی خەمناك بوو بەهەموو بوونی خۆیەوە خەریکی ژەنین بوو وابزانم بۆ ماوەی شەش چرکەی خایاند کاتێك سەری بەرزکردەوە ئاوڕی لێدامەوە ڕوخساری پڕ بوو لە فرمێسك فرمێسکەکانی سڕیەوە و گوتی: بەخێر بێی، دارینی بۆ دانام کە لێیەوە نزیك بوو گوتی: فەرموو دانیشە، دەزانم چاوەڕێی منت نەدەکرد.

هی وەکو تۆ تەنیا دەتوانن چێژ بخولقێنن بەڵام ناتوانن بیان پارێزن دیسان دەستی کرد بە ژەنین نەمدەزانی چی بڵێم قوڕگم ووشك بوو بوو هیچ قسەیەکم پیٚ نەبوو، لەڕاستیدا هیچ شتێك بە مێشکم دا نەدەهات من کە هەمیشە خۆم لە قسەکردندا بیٚوەێنە دادەنا لەو ساتەوە هیچم پیٚ نەبوو بە شوێنی چەند ووشەیەکی گونجاودا دەگەڕام بۆ وەڵام دانەوەی نەمدەزانی ئەو هەموو ووشە قەڵەو قەڵەوانەی کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەکاریانم دەهێنا لەکویٚ بوون و بۆ کویٚ چووبوون، هاوڕێیەکانم حەزیاندەکرد نیوەی من توانای قسە کردنیان هەبێت ئێستاش کە خۆم بە مامۆستای قسەکردن دەزانی بە دوای ووشەیەك دا وێڵ بووم، بەڕاستی مەرگەسات بوو، تەنیا توانیم بڵێم بەڕاستی زۆر جوانی، ئەویش زۆر لە سەرەخۆ گوتی: جوان؟ ... جوانم ها..؟ بەڵام خۆت ئەم جوانیەت بۆ خۆت خولقاندووە کە زۆر بە ئاسانی لەسەر شاخەکە بەڕەڵات کرد، گوتم: بەڵام ئەوکات ئەوەندە جوان نەبووی بەڕاستی ئێستا جوانی.

گوتی: ڕۆح جوانی دروست دەکات ئەگەر جوان بێت جوان دەبینی ئەگەر کرێت بێت کرێت، بەردەوام بوو لە ژەنینی پیانۆکە بۆیە لەخۆمەوە دەستم بۆ دەستەکانی برد و گوتم: تکات لێدەکەم ئەم ئاهەنگە خەمناکە بابەس بیٚ، مرۆڤ کە گوێی لیٚ دەبیٚ دەتاوێتەوە، چیتر توانای گویٚ گرتنم نییە، دەستەکانی کشاندەوە و گوتی: لەو ڕۆژەوە کە منت خولقاندووە لەگەڵ ئەم ئاهەنگە خەمناکەدا دەژیم ئێستا بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت بەرگەی ناگری.. سکم پێت دەسوتیٚ؟

گوتم: بۆچی؟ گوتی: لەوەی کە هەموو شت زۆر بە ئاسانی لەبیر دەکەیت، لەوەی کە زۆر بە ئاسایی ئەوەی دەیخولقێنی پشتی تیٚ دەکەی هەر وەکو چۆن منت خولقاندوو پاشان پشتت تێکردم. گوتم: مەگەر نە ئەوەیە کاتیٚ مرۆڤ بیەویٚ ڕۆحی ئارام بگریٚ یاخود بحەسێتەوە پەنا دەبا بۆ دروست کردنی ئەفسانە و چیرۆك و منیش یەکێك لەو کەسانەم کەوام کردووە. گوتی: بەڕاستی گەوجی وا دەزانی ئەوەی دەیخولقێنی بە ناوی ئەفسانە و چیرۆك بەڕاستی ئەفسانە و چیرۆکن چەند بیٚ ئاگای نازانی ئەوەی بەناوی چیرۆك و ئەفسانە دەینووسن خۆی لەخۆیدا واقعێکن، خودی ڕاستین تۆ پشتیان تیٚ دەکەی. گوتم: دەتەویٚ بەڵیٚ تۆ واقعیەتێکی و تۆ هەیت، دەستی خۆی بۆ درێژ کردم و گوتی: دەستت بێنە.. ترسام چاوی بڕیبە ناو چاوەکانم، لەڕادەبەدەر چاوەکانی جوان بوون دەتگوت بەتەمایە بەچاوەکانی قوتم بدات، بەرگەم نەگرت بۆیە ناچاربووم تەماشای شوێنێکی نادیار بکەم نەك چاوەکانی. پاشان زۆر بە هێمنی گوتی: دەترسێی؟ دووبارە تەماشام کرد، لەشوێنی خۆی هەستا بەرەو ڕوومەوە هات دەستەکانی بۆ درێژ کردم و گوتی: دەستم ڕەت

دەکەیەوە؟ بێ ئاگا دەستەکانم لەناو دەستە گەرمەکانی دانا، چەند نەرم و نیان بوون، بەجارێك هەستم کرد کەوتوومەتە داوەوە ویستم دەستەکانم لەناو دەستەکانی دەربێنم بەڵام توانام نەبوو وەك بڵێی دەستەکانم لە دەستەکانی گرێ دراون، هەستی کرد تەنگاو بوومە و بەهێمنی گوتی: چیتە دەترسێی؟ گوتم: تۆ لە شوێنی من بایت نەدەترسای؟

گوتی لەبەرچی؟ گوتم: خۆت لەشوێنی من دابنێ چیرۆکێك بنووسە پاشان بەجارێك قارەمانی چیرۆکەکە لێت قیت ببێتەوە و پێت بڵێ فەرموو چایەك بخۆوە چی دەکەی؟ گوتی: ئەگەر مرۆڤ واقع بین بێت هەرگیز لەوەی کە ڕوو دەدات تووشی سەرسوڕمان نابێت، چونکە بۆ هەر ڕووداوێك کۆمەڵێك هۆکار و بەڵگەی پێیە، لەناکاو دەستەکانم لەناو دەستی دەرهێنا و چەند هەنگاوێ بەرەو دواوە کشامەوە، چاوەڕوانی کاردانەوەی بووم بەڵام بێ دەنگی نواند نازانم چەندی پێ چوو کە لەگەڵ ناڵە دەنگی پیانۆ کە ئاوڕم دایەوە دەستی کرد بە ژەنینی، ئاهەنگێکی سەیر بوو منی خستەوە یادی گەڵاڕێزانی پاییزەوە.

یادی ڕۆژانی سەردەمی منداڵیم زیندوو دەکردەوە کە پاییز لەگەڵ باوکم دەچوومە ناو باخچەکانی شار کاتێك پێم لەسەر گەڵاکان دادەنا پڕ بە دڵ هەستم بە خۆشی دەکرد لەخۆشیا وام لێ دەهات کە هەندێك جار دەستم دەکرد بەڕاکردن لەنێوان گەڵاکان جارجاریش سەمام دەکرد، ڕۆژێك کە هەرگیز لەبیری ناکەم ڕۆژێکی پایز بوو نم نم باران دەباری گەڵای دارەکان نەرم بووبوونەوە کاتێك مرۆڤ پێی لەسەریان دادەنێ هەست دەکات ڕۆحیان لەبەرە و ناڵەیان دێ، بۆیە هەرکاتێ باران دەهات کەمتر هاتووچۆم دەکرد ئەو ڕۆژە لەژێر نمەی باران دانیشتبووم تەماشای ئاسمانم دەکرد وەك ئەو کاتەی کە گوێم بۆ ئاهەنگەکەی شل کردبوو هەر لەخۆمەوە فرمێسك لەچاوەکانم دەهاتنە خوارەوە کاتێ ئاهەنگەکەی تەواو بوو بەشەرمەزاری فرمێسکەکانم سڕیەوە، نەم دەویست فرمێسکەکانم ببینێ کاتێ تەماشای منی کرد زەردەخەنەیەکی شیرین هاتە سەر لێوی، گوتی: دەگریێ؟ گوتم: ئیتر.. ئیتر، بۆ مەگەر عەیبە پیاو بگریێ؟ هەندێك جار گریان پێویستە.

بێ دەنگ بوو لەوپەڕی بێ دەنگی تەماشای دەکردم منیش سەرم داخست بوو بە شەرمەوە گوتم: زۆر جوانی، گوتی: لەکەیەوە هەستت بەم ڕاستییە کردووە، گوتم: ئیمڕۆ، گوتی: مەگەر ئەو کاتەی کە لەسەر شاخ وێڵت کردم چیم بوو.. بۆ بەتەنیا بەجێت هێشتم؟

گوتم: ڕەنگە ئەو کاتە بەووردی سەرەنجم نەدابیتە جوانیت، گوتی: نا هەڵەی هیچ شتێك بەقەد جوانی لە مرۆڤ نزیك نییە، بەڵام کاتێك ڕۆحی مرۆڤ خاوێن نەبێ، زۆر درەنگ هەست بە هەبوونی جوانی دەکات، بۆ دۆزینەوەی جوانی دەبێ روح جوانبێت، گوتم: کاتێ: کە ڕۆحی مرۆڤ خەوی لێکەوتبێ چۆن دەتوانێ جوانی و کرێتی لێك جیا بکاتەوە گوتم: ڕۆحم بەهۆی تۆوە لەخەو بێداربۆتەوە، ماوەیەك بێ دەنگ بوو تەماشای پێشەوەی خۆی دەکرد فرمێسکەکانی هاتنە خوارەوە پاشان بەدەنگێکی لەرزان گوتی: خۆزیا ڕۆحت لەخەودابا بەیەك دووجار تێك هەژاندن بەئاگا دەهات، بەڵام ناکرێ مردوو بەئاگای بێنی، گوتم دەتەوێ بڵێی ڕۆحم مردووە؟ گوتی: لەمە زیارت هیچی تر نییە ڕۆحت مردووە پاشان بەهەموو هێز و توانای دەستی کرد بە گریان کەمێك ئازایەتیم نواند خۆم لێی نزیك کردەوە دەستم لەسەر شانی دانا و گوتم: بۆچی دەگرییێ؟، گوتی: بۆ تۆ ... گوتم: بۆ من؟، گوتی: بەڵێ بۆ تۆ.. گوتم: لەبەرچی؟ گوتی: پێم سەیرە چۆن دەتوانی دەست بەرداری ئەم جەستە بی کە بریتییە لە کۆمەڵێك گۆشت و ئێسقان چۆن چۆنی دەتەوێ.. تەماشایەکی من کرد پاشان بە دەنگە لەرزۆکەکەیەوە گوتی: چۆن چۆنی دمری؟ پێکەنینم بە قسەکەی هات بۆیە دامە قاقای پێکەنین ئەوەندە پێکەنیم فرمێسك لەچاوەکانم هاتنە خوارەوە، بەڵام ئەو هەر وەکو خۆی هێمن و لەسەرخۆ بەو پەڕی دڵسۆزییەوە تەماشای دەکردم دەستم لەژێر چەنەگەی دانا و چاوم بڕیە چاوکانی پاشان زۆر بە دڵنیاییەوە گوتم: تۆ چۆن دەمری منیش هەروا.

پاشان گەڕامەوە شوێنی خۆم دانیشتم بەدڵنیاییەوە گوتم: ئەگەر وا نییە بڵێ وانییە..

زۆر بە میهرەبانی گوتی: پێت دەسەلمێنم کە وانییە، تۆ ناتوانی وەکو من بمریت، گوتم قسەی وامەکە، بەو پەڕی دڵنیاییەوە گوتی: نا بەهەڵە داچووی تەماشاکە بزانە چەند ئاسودە دەمرم بەزەردەخەنە، سوڕأیەوە سەری لەسەر پیانۆکە دانا و بێ دەنگ بوو، پاش ماوەیەك بێدەنگی منیش بەو مەبەستەی کە گاڵتەم پێ دەکات چەند جار دەستم لە پیکەکانی پیانۆکەدا، لەوکاتە چاوم بەپارچە کاغەزێك کەوت لەنێوان دەرزەکانی پیکەکانی پیانۆکە دەرپەڕی کاغەزەکە نووشتەکرابوو کاغەزەکەم کردەوە لەسەری نووسرابوو

(هەرکاتێ مردم لێرە بمنێژن ئەم پیانۆیەش بۆ ئەو کەسەیە کە دەمنێژێ) کاغەزەکەم فڕێدا و خۆم بە پەلە گەیاندێ چەند جارێك ڕامەهەژان سەرم لەسەر پیانۆکە بەرز کردەوە روخساری زەرد هەڵگەڕابوو، ئەو بەڕاستی مردبوو، چاوەکانیم خستنە سەریەك بە هەموو هێزو توانام گرتمە باوەش، دەستم کرد بە گریان نازانم چەندی پێ چوو، ئیتر کار لەکار ترازا بوو دەبوایە وەسیەتەکەی بەجێ بهێنم بەهەر کۆڵە مەرگیەك بوو گۆڕەکەم ئامادەکردوو و ناشتم، و تاکە یادگارەکەیم لەگەڵ خۆم بردەوە ماڵەوە.

هەست دەکەم ئەوەی چەند ساڵە بە شوێنیدا وێڵم دۆزیمەتەوە چییە؟ نازانم.

گرنگ ئەوەیە کە زانیم گەورەیی مرۆڤ لەچۆنیەتی مردن دایە هەرچەند ڕۆژانە دڵم توندە هەر بۆیەش هەموو ڕۆژ ئێواران دەچمە سەر گۆڕی پاشان بەخەیاڵێکی ئاسوودە دەگەڕێمەوە ماڵەوە تاکەی

پیرمام: ٢٠٠٢/٦/١

www.kurdistannet.org



٤